

# کــێ تاوانباری ڕاستەقینە یە؟

ئا: خەندە گۆران

هەنـدێ کەس لـە پەنای خۆشەویسـتی دەیانەوێت، نرخ و بەهای ئافرەت بشـێوێنن و تووشی گرفت و کارەساتی گەورەی بکەن.

(سـروە) کچێکی تا بڵێی جوان و ڕەوشتی بەرزبوو، باڵایەك مامناوەند و ڕەنگێکی گەنمی و قژێکی خوڕمایی و تەمەنی (٢٦) سـاڵان دەبوو پۆلی شەشـی ئامادەیـی تەواو دەکات و نـاوی لە یەکێك لە کۆلیـژەکان دەردەچێت، بـەڵام کۆنمـرەی ئامانجی ئـەو کۆلیژەی ناهێنێتەدی کە ئەو ئومێدی بوو، بۆیە ناچێتە ئەو کۆلیژە و بڕیـار دەدات لە فەرمانگەیەك وەکو فەرمانبەر خۆی دابمەزرێنێت و کاربکات، پـاش هاتووچۆیەکی زۆر لـە فەرمانگەیەك دادەمەزرێت، هەر چەندە لە ماوەی ئەو شـەش حەوت مانگـەی تەمەنـی فەرمانبەریەتی تووشی داواکاری زۆر لە کوڕان ببووەوە، بەڵام هەموویانی ڕەتکردبووەوە، چونکە بڕیاریدا بوو ژیانی هاوسەرێتی لەسەر بنەمایی خۆشەویستی پێك نەهێنێ، هەر کوڕێکی بچێتە دڵ و بزانێ ڕێکوپێك و ڕەوشـت بەرزە بڕیاردەدات شووی پێ بکات و ژیانی هاوسـەرێتی لەگەڵی پێك دەهێنێت، بەڵام بەداخەوە لەو ماوەیە کەسـێکی وای ڕێککەوت نەکـرد ئەوەی ئەو لە خەیاڵی خۆیدا وێنای کردبوو، ئەوە بوو ڕۆژێك کوڕێکی گەنجی قۆز بۆ کارەکـەی ڕێگای دەکەوێتە ئەو فەرمانگەیەی کە(سروە)ی لێ فەرمانبەر دەبێت وا ڕێك دەکەوێت کارەکەی لای (سـروە) دەبێت کە چاوی بە(سـروە) دەکەوێت زۆر پێی سەرسـام دەبێ، بۆیە ڕۆژانە بە بەردەوامی بە ئیش و بێ ئیش سـەردانی ئـەو فەرمانگەیە دەکات، بەو هیوای چاوی بە(سروە) بکەوێت و بە هەر شـێوەیەك بێت بتوانێت قسەی لەگەڵدا بکات،تا پەیوەندی لەگەڵ دابمەزرێنێت، کوڕەکە ڕۆژێك ئۆقرەی نامێنێ و ئەم داوایە لە(سروە) دەکات، کە گوایـە کوڕێکی بە ئەخلاقە و لە خانەوادەیەکـی دەڵەمەنـد و بەناوبانگە و ئەو زۆر لە مێژە بە دوای کچێکی وا ڕەوشت بەرز و بـە ئەخلاق دا دەگەڕێت تـا ئەوەی ژیانی هاوسـەرێتی لەگەڵ پێك بهێنی ئێستاش ئەو کچەی دۆزیوەتەوە داوا لە(سـروە) دەکات کە ئەگـەر پێی ڕازییە و شـووی پێدەکات، ئەوا ئامادەیە بێت بۆ داوای، بەڵام دەڵێت پێویستە سـەرەتا پێکەوە دانیشین و قسە لەسەر هەندێ شت بکەین، بەمجۆرە(سروە) ڕازی دەکات کەوا قسـەی لەگەڵدا بکات و پەیوەندی لە نێوانیان دروسـت دەبێ بەڵام دوای چەند مانگێك لە پەیوەنـدی ئیدی کوت و پڕ ئـەو پەیوەندییە نێـوان دەپچڕێ و بەرەو لاوازی دەچێت ئەویش بەهـۆی ئەو پیلانەی کە ئـەم کوڕە بەنهێنی بۆ(سـروە)ی داڕێژتبوو، ئەویش کاتێ دەچنە شوێنی دیارەکی بۆ قسـەکردن لەسەر ژیانی داهاتوو یان ئەم کوڕە چەند داوایەکی سـەیر و بەدڕەوشتی لە (سـروە) دەکات، (سروە)ش کە گوێی لەم قسانە دەبێت دوو تف دەکاتە چاوی ئەم کوڕە و هەر زوو هەڵدەسـتێ و ئەم شوێن بەجێ دەهێڵێت و بە کوڕەش دەڵێت لەم سـاتەوە نەدەمناسی و نەدەت ناسـم دیارە بۆ بەم فڕو فێڵە دەتـەوێ من فریو بدەی و ئابڕووم ببەی من ئامادەم خۆم بکوژم بەڵام هەرگیز ئامادەنیم سەری خۆم شۆڕبکەم لەو سـاتەوە پەیوەندی نێوانیـان دەپچڕێ، بەڵام کوڕە هەر بەوەندە واز ناهێنێـت، بۆیـە ئەمجارەیان بە پیلانێکـی نوێ و دێتەوە و پەیوەندی بە(سروە) دەكاتەوە (سـروە) ئا ما د ە نا بێـت مو با یلە کـە ی هەڵگرێت و گوێی لێ ڕابگرێت کوڕە بۆ ڕۆژی دواتر دەچێتە شـوێنی کارەکەی و دەست بە پاڕانەوە و لێبوردن دەکات و دەڵێت:

من نیازم ئەوە نەبووە کە تۆ تێگەیشتووی نیازێکی پاکم هەبووە و بە تکا و نزا و پاڕانەوە داوای لێ دەکات کە ماوەی پێ بدات ئەگەر هەڵەی کرد بێت چاکی بکاتەوە، بەڵام(سروە) هەر سوور دەبێت لەسەر بڕیاری خۆی ، کوڕە هەوڵ زۆری لەگەڵدەدات دواجار(سـروە) قەناعەتی پێدەکات و پەیوەندییان نوێ دەبێتەوە، بەمەرجێ، نێوانیان لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی بێت و جارێکی دیکە گوێی لەمجۆرە قسانە نەبێت، بەمجۆرە پەیوەندی نێوانیان یاسایی دەبێتەوە و (سـروە)بە دڵێکی پاك و بێگەردەوە متمانەی پێدەدات ئەم کوڕەش بە هەڵسـوکەوت وا خۆی نیشـاندەدات کەوا کوڕێکی ڕێکوپێك و ڕەوشت بەرزە بەڵام لە ڕاسـتیدا وا نەبـوو بە هەموو هێزی خۆی، هەوڵی داڕشـتن پیلانی خۆی بووە(سـروەش) لەم پیلانەبێ ئاگابوو، ئەوەبوو بەبۆنەی ئاشـت بوونەوەیان ئەم کوڕە دەعوەتی نان خواردنی دەکات و دوای نانخواردن داوای لێ دەکات پیاسـەیەك بۆ دەرەوەی شاربکەن، کە لە شـار دوور دەکەونەوە لە ڕێگا لا دەدات بۆ شـوێنێکی دوور لە ئاوەدانی (سـروە) کە هەست بەنیازخراپی کوڕە دەکات دەست دەکات بە هاوارکردن، بەڵام ئەو دەمانچەکەی لەسـەر سـەری دادەنێت و دەڵێت هەر قسەیەك بکەیت دەتکوژم و لێرە دەتنێژم و دەڵێت دەزانی من تۆم بـۆ هێناوەتە ئێرە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆم مـن ئەوە چەند لە دوای تۆم ئەو نیازەم هەبوو ئۆقرەم نەماوە ئێسـتاش بە ئارەزووی خۆت بێ یان بە زۆر دەبـێ لەگەڵت ڕابوێرم، بەمجۆرە بە زۆر دەستدرێژی دەکاتە سەر بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیان دەمانچەکە دەکەوێتە دەست(سروە) ئەویش بە فرسـەتی دەزانی داخی خۆی پێ دادەڕێژێت و سـێ چوار گوللەی لێ دەدات و کوڕەکە هەر لەوێ گیانی دەردەچێت، خەڵکی ئـەو دەوروبەرە لێیان کۆدەبنـەوە و هەواڵی پۆلیس دەدەن، (سروە) دەستگیر دەکرێت ئێستا (سروە) لە بەندیخانە چاوەڕوانی حوکمی دادگا دەکات.

# سەرگوڵ.. قوربانییەکی هەڵـ

**■ پۆلی شەشەمی ئامادەیی قۆناخێکی هەستیاری ژیانی قوتابییانە، چونکە لەوێوە چارەنووسی زانست و بڕوانامەیان ڕەنگ ڕێژدەکرێ، ئەرکی دایك و باوك و تەواوی ئەندامانی خێزانە بە میهرەبانییەوە پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی قوتابییەکانیان لەو قۆناخە بکەن و هەرگیز بەهۆی دەرنەچوونیان لەوانەکان یان هێنانی نمرەی نزم سەرزەنشتیان نەکەن، و چانس و فرسەتی دیکەیان بۆ بڕەخسێنن، هاوکات پێویستە قوتابیانیش بە دانایی و دوور لە هەڵچوون تەقەبولی دەرەنجامی تاقیکردنەوەکان بکەن و ئەوەی (سەرگوڵ) کردی بیری لێنەکەنەوە.■**

## نیوەڕۆی کارەساتێکی دڵتەزێن

ڕۆژێك پێش کارەساتەکە (سەرگوڵ) لەگەڵ (ژیلە)ی دەستەخوشکی لەبەر هەیوانەکەی ماڵی ژیلە بەیەکەوە دانیشتبوون و بە نیگەرانییەوە لە چاوەڕوانییەکانی سبەینێیان دەدوان، (ژیلە) بە سەرگوڵی گوت: دەزانی تۆزێك لەوانەی ئینگلیزی دەترسم، ئەگینا لە هەموو بابەتەکانی تر زۆر باشم وەڵام داوەتەوە، ترسەکەشم ئەوە نییە بکەوم، بەڵام ئەوەیە ئەو نمرەیە نەهێنم کە خۆم دەمهەوێ، من ئەوەم خۆشە ئەگەر بشکەوم لە لێکۆڵینەوە و سزادانی ماڵەوە ناترسم، چونکە باوکم نەلێمدەدا نە دەشمشکێنێتەوە.

بەپێچەوانەوە بەشێکی بەرپرسیارێتییەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی و دایکم، ئینجا دڵنیام لەگەڵم دادەنیشێ و لە هۆی کەوتنەکەم دەکۆڵێتەوە، ئەوجا بەشەکەی تری کەوتنەکەم دەخاتە، ملی خۆم..(ژیلە) کچێکی تەمەن هەژدەساڵی جوان و نەشمیلە، هاوڕێی گیانی بە گیانی (سەرگوڵ) بووە، بەر لە مردنی (سەرگوڵ) بە کاتژمێرێك پێکەوە بوونە، ئاگاداری بارودۆخی دەروونی هاوڕێ کچەکەی بووە، بۆیە ئەو لە هەر کەسێکی تر لەسەرگوڵ نزیکتر و ئاشناتر بووە، لەبەر ئەوە گێڕانەوەی پەیوەندی خۆی و سەرگوڵ، ڕۆشنایی خستنە سەر ساتەکانی بەر لە مردنی سەرگوڵ، باشتر و ڕاستتر و وردتر دیاردەخات و هۆیەکانی مردنی کچێکی نۆزدەساڵیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

با (ژیلە) بەخۆی بەسەرهاتی خۆکوشتنی نزیکترین هاوڕێمان بۆ بگێڕێتەوە، (ژیلە) بەمجۆرە دەستی بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە کرد و گوتی: (سەرگوڵ) بە ساڵێك لەمن گەورەتر بوو، بەڵام بە ڕووخسار لەمن بچوکتر دیاربوو، ئەو کچێکی باڵابەرزی قژ خورمایی، چاو قاوەیی و گەورەبوو، ئەگەر لە دووریشەوە بتدیبایە دەتزانی جوانە ، کە لێیشی نزیك دەبوویتەوە هێندەی دیکە جوانییەکەی دەدرەوشایەوە، من و ئەو لە پۆلی سێی ناوەندییەوە بووینە هاوڕێی یەکتر، قۆناخەکانی خوێندنی بە زەحمەت دەبڕی، لە پۆلی دووی ناوەندی ساڵێك کەوت، بەڵام تا گەیشتە شەش هیچ نەکەوت، دەبوو زۆر خۆی ماندووبکات، دەنا بە زەحمەت نمرەی باشی پێدەهات، هۆیەکەشی ئەوەبوو لەلایەك ئەرکێکی زۆری ڕۆژانەی لەسەر شان بوو، دەبوو بەیانیان زوو لەخەو هەڵسێت تا ئیشی ناوماڵ بکات و بەرچایی ئامادەبکات، پاشان قاپ و قاچاخی ماڵەوە بشوات و ماڵ گەسك بدات... تاد تا نیوەڕۆ ئەمە کاری بوو، نیوەڕۆش بە نیو کاتژمێرێك دەرفەتی خۆ ئامادەکردنی بۆ هاتنە قوتابخانەی دەدا، کە دەشهاتەوە دیسان، کارەکانی ناوماڵ دەستپێدەکردەوە تا درەنگانی شەو ئەوسا بە چاوی خەواڵووەوە، دەبوایە دەرسەکانی دەور بکاتەوە، ئینجا جاری وا هەبوو، وەکو خۆی بۆی دەگێڕامەوە یان بە نیوەچڵی و بە نا تێگەیشتنەوە تەواوی دەکرد، یانیش هەر بۆی تەواو نەدەکرا.. لەلایەکی دیکەشەوە هەمیشە دایك و باوکی هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرد، ئەگەر لەخوێندن دەرنەچێت و بەسەرکەوتوویی تاقیکردنەوەکان نەبڕێت ئەوا لە قوتابخانە دەریدەهێنن و خوێندنی لێ قەدەخە دەکەن، من زۆر هەوڵمدەدا ئەو کچە نەروخێ و ئیرادەی بەهێزبێ و بتوانێ خۆڕاگر بێ، زۆرم هەوڵدەدا لە خوێندن سارد نەبێتەوە و کۆڵ نەدات و لە ڕووی مەعنەوییەوە بەهێزبێت، زۆرجار کە لە ماڵەوە فشاریان دەخستە سەری دەهاتە ماڵی ئێمەو خۆی دەکرد بە ژوورەکەمدا و سەری دەخستە سەر شانم و بە کوڵ دەگریا، بەم گریانەی تۆزێك ئارام دەبۆوە و غەم و خەفەتەکانی سووکتر دەبوون. بەڵام ئاخیرییەکەی نەیتوانی بەرگەی ئەو هەمو فشارە دەروونی و جەستەییەی ماڵەوەیان بگرێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، بەڵام چۆن کۆتاییەکی تراژیدی و خەفەتبار و جەرگبڕانە..

ئەو ڕۆژەی کە خۆی کوشت، ئێمە



دەوری کاتژمێر یانزەی پێشنیوەڕۆبوو، کە چووینە قوتابخانە بۆ ئەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان وەربگرێتەوەە ، پێش وەرگرتنی ئەنجامەکان، ڕۆژێك پێشتر پێکەوە بووین و لە بارەی سبەینێەوە قسەمان دەکرد ئەو بەمنی گوت: ژیلە خۆزگەم بەخۆت، ئەگەر دەریشنەچی سزا نادرێی، خۆ هیچ نەبێ لە قوتابخانە دەرتناهێنن، ئەگەر ئەمساڵیش دەرنەچی، ساڵی دواتر هەر دەردەچی، ئیتر بۆ خۆت دەچییە کۆلێژ و ژیانی نێو زانکۆ دەبینی، ئای کە ژیانی نێو زانکۆم پێخۆشە، وای کە دڵم بۆ زانکۆ چەند لێدەدات.. من وەك تۆ نیم، من ئەگەر دەرنەچم دایکم و باوکم لە خوێندن دەرمدەهێنن و دایکشم هەموو جارێ دەڵێ: ئەگەر لە خوێندن دەرنەچووی ئەوسا گوناهی خۆت لە ملەخۆتە، ئەوکاتی ئەگەر دەیرِشت بێنین سوومان لێ نابێتەوە و تۆش دەیسەلمێنی کە ئەهلی خوێندن نیت، بەڵکو ئەهلی کاری ماڵەوەیت، کە ئەو قسانەی تەواوکرد، گوتی: بەخوا دەترسم بکەوم، چونکە لە کاتی تاقیکردنەوەکان هەم سووڕی مانگانەم بوو، هەمیش زۆر دڵەڕاوکێ و نیگەران بووم، بەخودا بابەت هەیە ئێستاش بە بیرم نایە چیم وەڵامداتەوە؟! ژیلە گیان زۆر دەترسم دەرنەچم..(سەرگوڵ) دواى ئەو قسەیەی کۆتایی چاوی پڕ گریان بوو... ڕۆژی دواتر چووین ئەنجامی تاقیکردنەوەکان وەربگرینەوە ئەوەندەی نیگەرانی ئەو بووم نیگەرانی خۆم نەبووم، ئەو پێش من ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی وەرگرتەوە، کە پێکەوە سەیرمان کرد، تەماشام کرد لە سێ وانە کەوتووە، بە جارێك رووخا، ڕەنگی تێکچوو ، لێوەکانی وشك بوون، گوتم: سەرگوڵ گیان بێئومێد مەبە، ناڕەزایی بنووسە، بەڵکو هەڵەیان لە ئەنجامەکان و نمرەکان کردبێ، قسەکەم سوودی نەبوو، بە گریان ڕۆیشت و منی بەجێهێشت منیش پێمگوت چاوەڕێمکە تۆزێکی تر دەگەمە لات و چارەسەرێك دەدۆزینەوە، یەکسەر مەچۆرەوە ماڵ، بەڵام گوێی پێنەدام، ئەو ملی ڕێگەی گرت و ڕۆیشت، من خوا خوام بوو زوو ناوم بخوێندرێتەوە و ئەنجامەکەم وەربگرم بۆ ئەوەی بەو رابگەم..

تا من ئەنجامەکەم وەرگرتەوە نزیکەی بیست خولەکێکی پێچوو ئەنجامەکەی من زۆر باشە بوو، دڵنیابووم لە کۆلێژێکی باش وەردەگیرێم، بەهەرحاڵ بە پەلەو خێرا خۆم گەیاندەوە ماڵ، هەر کە گەیشتمەوە نزیك ماڵەکەمان، کە ماڵی سەرگوڵیش دوو خانوو لێمان دووربوون، قەرەباڵغییەکی زۆر و دەنگی قیژەی ژنان و دادو فیغان و لەخۆدانم بیست ، یەکسەر ڕاچڵەکیم، خورپەیەك لە دڵم هەڵساو دڵم خەبەری دا، زانیم شتێك ڕوویداوە ، چاوەڕوانی کارەساتێکم دەکرد، بەڵام ئەوەی قەت پێشبینیم نەدەکرد ئەوەبوو کە بینیم دایکم لە نزیك قاپی ماڵی سەرگوڵ ڕاوەستابوو، داخ و ئەسەفی دەکێشا و جار جارەش دەیگوت: وەی چاوی دایکت کوێربێت، چۆن ئەم کچە نازدارەیان بەم دەردەبرد، وەی لاڵ بم بۆی، لە دایکم چوومە پێشەوە گوتم: دایکە توخوا چی بووە چی قەوماوە، ئەم قەرەباڵغییە چییە؟ دایکم گوتی: کچم سەرگوڵ خۆی کوشتووە، چۆن بۆ مەرگی ئەم کچە جوانە لاڵ نەبم، کە وای گوت بە هەڵەداوان چوومە ناو حەوشەی ماڵەکەیان کە تەرمەکەیان لە ناو حەوشە کە درێژ کردبوو دایکیشی بەسەر تەرمەکەیدا کەوتبوو، لەخۆی دەدا و قژی دەڕنییەوە، منیش بێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت لە تەرمی سەرگوڵ نزیك بوومەوە و فرمێسك بە گوڕێ بە چاومدا دەهاتە خوارەوە و چۆکم دادا.

### سەرگوڵ چۆن خۆی کوشت؟

(ژیلە) لە گێڕانەوەی کارەساتی خۆ کوشتنی کچە هاوڕێکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئێستا کە لە قۆناخی یەکەمی کۆلیژی ئادابم، هەرگیز شکڵ و شێوەی سەرگوڵم لە یاد ناچێ، خۆزگە بمابایە و ئێستا لە کۆلیژ بایە کە زۆر شایەنی ئەوە بوو لە کۆلیژ بخوێنێ، کە ئەو ڕۆژە دوای وەرگرتنی ئەنجامەکان چوبووە بۆ ماڵ ، دایکی کە دیتبووی چاوی بەگریانە پێی گوتبوو، هەی عەمرت نەمێنێ، دیارە کەوتووی بۆیە بە چاوی بەگریانەوە هاتوویتەوە، ئەویش گوتبووی لە سێ وانە کەوتوم، بەڵام لە دەوری دووەمدا قەرەبووی دەکەمەوە، دایکشی گوتبووی: دەوری دووەمی چی.؟ بەخوا پێت لەم ماڵە ناچێتە دەرەوە، کە وای گوتبوو ئەویش یەکسەر چووبووە ژوورەکەی خۆی و وایەرێکی کارەبایی دەرهێنابوو، لەسەری زمانی خۆی دابوو، کارەباش یەکسەر لێدابوو کوشتبووی، کە کارەبایەکە لێیدابوو، زیڕەیەکی بەهێزی لێهەڵسابوو دەموودەست کەوتبووە سەر زەوییەکە، دایکی زانیبووی شتێك ڕوویداوە بۆیە یەکسەر چووبووە ژوورەکەی بینی سەرگوڵ کەوتووە، هێندەی بانگ کردبوو، ڕاتەکاندبوو، چەندی لەگەڵ هەوڵدا بوو بێ سوود بوو، سەرگوڵ دەمێك بوو مردبوو، لەبەر ئەوە لای من خۆکوشتنی سەرگوڵ کارەساتێك بوو، قەت لە بیرم ناچێتەوە، هۆی سەرەکی مردنیشی دایك و باوکی بوون.

**ئەرکی دایک و باوک و تەواوی ئەندامانی خێزانە بە میهرەبانییەوە پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی قوتابییەکانیان لەو قۆناخە بکەن و هەرگیز بەهۆی دەرنەچوونیان لەوانەکان یان هێنانی نمرەی نزم سەرزەنشتیان نەکەن**

## ...چوون و زوو بڕیاردان؟

# قەرزاری

# ڕووداوێکی ترس



ئا: باوکی میدیا

کۆمەڵایەتی
گوڵان
ژمارە (٧٤١)
٢٠٠٩/٧/١٣



دوو برازای یەکتربوون، ماوەیەك بەیەکەوە مامەڵەی بازرگانی هێنانی جلوبەرگیان لە تورکیاوە دەکرد، پاشان کە قازانجیان زۆر بوو کۆگایەکی گەورەیان دامەزراند.

ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو

(ڕەشید) و(یوسف) نێوانیان ئەوەندە ناخۆشی تێکەوت گەیشتە ڕادەی لێکدان و شەڕکردن، باوکم کە مامی گەورەی هەردووکیان بوو، وەکی بە مەسەلەکەی زانی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە، بە ئێمەی گوت بڕۆن شەوێ بیانهێننە ئێرە با لێرە بە خۆشی و بە ڕێکەوتن بیبڕێنینەوە، با نەگاتە ئەوێ یەکێکیان کەتنێك بکات و ئیشەکە لە دەستمان دەربچێت و ببینە گاڵتەجاری خەڵکی ، من و(عەلی و زرار) یش چووینە لای (ڕەشید و یوسف) و پێمان گوتن شەو بێنەماڵی ئێمە و مەسەلەکە ببڕێنینەوە، ئیتر ئەوەبوو ڕووداوەکە قەوماو بە کەسمان نەگەڕایەوە).

ئەوانە قسەی (جەلیل)ی ئامۆزای هەریەك لە(ڕەشید و یوسف) بوو، ئەو دووانەش هەر کوڕە مامی یەکتربوون، ئەوجا پاشان(مام ڕەحمان) کە مامی هەر یەك لە (ڕەشید و یوسف)یە، کێشەی نێوان ئەو دووانە و دەرەنجامە جەرگبڕەکەی بەم شێوەیە بۆمان گێڕایەوە و گوتی:(ڕەشید و یوسف) هەردووکیان برازامن و هەریەکەی لە برایەکمن، ئەوانە ماوەیەك پێکەوە مامەڵەی بازرگانی هێنانی جلوبەرگ لە تورکیاوە دەکەن و پاشان کە بەردەوام قازانجی لێدەکەن، دووکانێکی وەك کۆگای فرۆشتنی جلوبەرگ دادەنێن، ناوە ناوە سەفەری تورکیا دەکەن بۆ هێنانی جلوبەرگی تازە و بەپێی داواکاری خۆیان و بازاڕەکەیان جا هەندێك جار یەکێکیان بە تەنیا و هەندێ جاریش پێکەوە، ئاخر جاریان(ڕەشید) بە تەنیا دەچێت و ماوەیەکی پێدەچێ ناگەڕێتەوە، پاشان لەوێ لە شارێکی تورکیا تەلەفۆن بۆ(یوسف) دەکات و دەڵێ وەرە سەر سنوور جلوبەرگەکتان وەربگرە لەلای دوکانمان داناوە و بە پیاوێکی تورکی کە پێشتر لە گەڵیان کاری دەکرد، ناردوویەتی، وەك جاری جاران(یوسف)یش، دەچێتە شوێنی مەبەست، و ناونیشانی مەبەست بەڵام نەکابرا دەبینێ و نە جلوبەرگیش، ئیدی لەو ناوە تۆزێك مشتومڕیان دەبێت، ئەو دەڵێ ناردوومە و ئەویش دەڵێ نەتناردووە، ناچار(ڕەشید) دەگەڕێتەوە و یەکتر دەبینن و پاشان سۆراغ وگەڕان و پشکنین دەردەکەوێ (یوسف) لە چوونی بۆ شوێنی مەبەست لە کات و ساتی خۆیدا وەدرەنگ کەوتووە و کابرای تورکیش ئەوە بەدەرفەت دەزانێ و ماڵەکە کە بای دوو دەفتەر دۆلار دەبێ بە دەفتەرێك و نیو یەك جێ دەیفرۆشێ و لێدەدا دەڕواتەوە تورکیا و خۆی لە هەردووکیان بزردەکات، ئەو کابرا تورکەش لەو کارگەیەی کە ئیشی دەکرد و( ڕەشید و یوسف) جلوبەرگیان لێدەهێنا خاوەنی کارگەکە چارەکی زەرەرەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی و ئەوی دەشمێنێتەوە دەکەوێتە سەر (ڕەشید و یوسف) ئەوانەش ماوەیەك دەبێتە مشتومڕیان لەسەر چۆنیەتی وە ئەستۆ گرتنی زەرەرەکە لە کۆتاییدا دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە(ڕەشید) لەبەر ئەوەی لە(یوسف) دەوڵەمەندتر بوو بە کردارەکی هەموو زەرەرەکە هەڵگرێ بەو مەرجە زەرەری (یوسف) بداتەوە و بەڵام وەك قەرز لەسەر(یوسف) بمێنێتەوە، ئەوجا لە نێوان خۆیان کاغەزێك دەنووسن بڕی حەوت هەزار و پێنج سەد دۆلار وەك قەرز دەکەوێتە سەر یوسف، بەڵام بازرگانی و مامەڵەکاریان پێکەوە رادەگرن و لێکجیادەبنەوە.. ماوەی دانەوەی قەرزەکەش بە دوو مانگ دیاری دەکەن، هەشت مانگ بەسەر قەرزاکەدا دەچێت کەچی (یوسف) هەر ڕۆژەی بە بیانوویەك خۆی لە دانەوەی قەرزەکە دەدزێتەوە، لەو ماوەیە یەك دووجار مشتومڕ و شەڕ



# ناکی لێکەوتەوە

قسە دەکەوێتە نێوانیان، پاشان دەگاتە ئەوەی لە یەکتریش دەدەن و دەمانچە لە یەکتر رادەکێشن بەڵام خەڵك دەکەوێتە نێوانیان و لێکیان دەکەنەوە، کوڕەکانی منیش دەچنە نێوانیان بەڵام پێکنایەنەوە، هەر چەندە لە راستیدا (رەشید) لەسەر حەق دەبێ و(یوسف) لاملی دەکات، بەڵام دواتر(رەشید)یش یەك دووجاری دیکەی یەخەی (یوسف) دەگرێتەوە دەیکەنە شەڕە مست و لێکدەدەن،... کە زانیم مەسەلەکەیان وەها لێك ئاڵۆزبووە، کوڕەکانم ئاگادارکردنەوە بەتایبەتی ئەو رۆژەی کە گەیشتبوونەوە یەکتر و لێکیان دابۆوە، گوتم بڕۆن ئاگاداریان بکەنەوە، شەو بێنە ماڵی خۆمان، من لەگەڵ مامۆستا مەلا(محەمەد) و چەند ریش سپیەکی دیکە پێکیان بێنینەوە کێشەی قەرزەکەش چارەسەر بکەین، ئەوەبوو شەوێ پیاومان کۆکردنەوە و ئەوانیش هاتن و لە بەرامبەر یەکمان دانان و سەرەتا هەوڵماندا بە قسەی خۆش و شیرین دڵی هەردووکیان نەرم بکەین، بەڵکو پێك بێنەوە، ئەوجا باسی قەرزەکەشیان دێنینە گۆڕێ بەڵام رەشید گوتی: مامە پێکهانەوەی ناوێ من و(یوسف) جارێکی تر نە یەکتر دەناسین و نە لەگەڵ یەکیش دادەنیشنەوە، بەڵام لەبەر خاتری ئێوە من ناکۆکییەکە دەبڕێنمەوە، بەو مەرجەی پارەکەم یەك جێ و دەموودەست بداتەوە، قسەکانی (رەشید) نابەجێ نەبوون، بەڵام لەولاوە(یوسف) گوتی: چ پێویستم بە پێکهاتنەوە لەگەڵ تۆ نییە و دینارێکیش لەلام نییە،بەخۆت کارەکەت کردووە و هەڵەت کردووە هەر بەخۆشت ئەنجامی هەڵەکەت بخۆ، ئیتر ئەوەندە بەس بوو لێك راست ببنەوە و هێرش بکەنە سەر یەکتری و لەیەك بدەن، ئێمە کەوتینە نێوانیان، بەڵام هەر هێندەمان زانی کە(یوسف) دەمانچەی لە باغەڵی دەرهێنا و سواری کرد(رەشید) تاوی دایە لێی وەربگرێ و تووند دەستی گرت، گوللەیەك دەرپەڕی نەمانزانی بە کوێ کەوت یەکی تریش دەرپەڕی بە شانی چەپی عەلی کوڕم کەوت، ئەوجارە گوللەیەك دەرپەڕی بەسەری(یوسف) خۆی کەوت و دەموودەست بەربووە سەر زەوی ، ئیتر ئەوەبوو بووە هەڵلا کەس ئاگای لە کەس نەما.

**لێکۆڵینەوە و دەستگیرکردنی هەشت کەس**

ئەمە وردو دروشتی گوفتاری(مام رەحمان)ی مامی گەورەی هەر یەك لە(رەشید و یوسف) بوو لە بەردەم ئەفسەری لێکۆڵینەوە، ئەو ئەفسەرەی لێکۆڵینەوەکە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تاوانەکەی لە ئەستۆ بوو ناوی(ی.هـ) بوو، لە خستنەرووی بەشێکی تری ئەم رووداوە بەم جۆرە وردەکارییەکانی تری بۆ گێڕاینەوە و گوتی: کە گوفتاری(مام رەحمان) مان وەرگرت لە ناوی ئەو شاهێدانەی کە ئاگاداری رووداوەکە بوون لەگەڵ ئەوانەی لە دانیشتنەکە بوون لە دۆسییەکە تۆمارمان کردن، ئینجا بە دوور و درێژی گوفتاری(رەشید) مان وەرگرت بەو پێیەی لایەنی سەرەکی رووداوەکەیە، کە وەرگرتنی گوفتارەکانمان تەواوکرد، دۆسییەکەمان بردە بەردەم دادوەرس ئەویش بڕیاریدا هەشت کەس لە کۆی(١٠) کەس لە ئامادەبووانی رووداوەکە بۆ سەلامەتی لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی کاتی دەستگیربکرێن، نزیکەی دوو سێ رۆژان ئەوانەمان لەبەر لێکۆڵینەوەبە بە بەندکراوی هێشتەوە، پاشان دادوەری لێکۆڵینەوە بڕیاری ئازادکردنی هەر هەموویانی دا تەنیا(رەشید)ی هێشتەوە، راستییەکەی (رەشید) وەك گومانلێکراو لە ژێر لێکۆڵینەوە هێشترایەوە، لێکۆڵینەوەی تایبەتیمان لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لە دانیشتنەکەدا ئامادە ببوون و پاشان کە بوونە ناوبژیوان کرد چەندین جاریش لێکۆڵینەوەکان بە تەنیا و جار جارەش روبەڕووی یەکترمان دەکردنەوە ، بۆ ئەوەی بگەینە راستییەکی رەهای بێ گومان، لێکۆڵینەوە لە کێشەکە پتر لە سێ مانگی خایاند دواتر دادگا تەواوی کێشەکەی رەوانەی دادگای تایبەتمەند کرد و لە ئەنجامدا دادگای تایبەتمەند بە شەش مانگ بەندکردن(رەشید)ی سزادا بەڵام(رەشید) بەهۆی گرتنی پارێزەرەوە تانەی لە بڕیارەکەی دادگای تایبەت داو دەرەنجام دوای نزیکەی کەمتر لە مانگێك دادگای پێداچوونەوە بڕیاریدا (رەشید) ئازاد بکرێت چونکە بەڵگەی تەواوی لە دژی نییە.

بەم شێوەیە لەسەر قەرزێك رووداوێکی کوشتن روویداو چەندین کەسیش تووشی زەحمەتی گرتن و لێکۆڵینەوە بوونەوە و ئاخیرییەکەی قەرزەکەی (رەشید) یش سووتا.

چونکە لە راستیدا کەس نەبوو لە جیاتی(یوسف) قەرزەکە بداتەوە و حیسابەکە پاك بکەنەوە(یوسف)یش بەخۆی لە رووداوەکەدا کوژرا(رەشید) خوا خوای بوو، لە بەندیخانە ئازاد بێ و ئەو کێشەیەی لە کۆڵ بێتەوە، بۆیە کە دوا بڕیاری دادگا بە ئازادکردنی دەرچوو پێمگوت: دوای ئەو هەموو ناخۆشی و دەردە سەرییە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکەت چی دەکەی؟

(رەشید)یش کە تازە تۆزێك ئاسوودە ببوو، بڕیاری دادگای بە ئازادکردنی بۆ دەرچووبوو، ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: کاکی ئەفسەر توخوا هەر باسی مەکە، جارێکی تر من و باسکردنی قەرز؟! وەکو مەسەلەکە دەڵێ: بۆ ریش چوو سمێلیشی لەسەر دانا، من لە پیاوەتی خۆم ئەو کابرا رەحمەتییەم کردە هاوبەشم و هێنامە ناو کاری بازرگانی، کەچی ئەنجامەکەی کۆمەڵێك پارەم چوو، دوو سێ جارانیش تووشی شەڕە قسە و شەڕە مست و هەڕەشەی کوشتن و پاشان بەندیخانەش هاتم، تازە لێیان وەرناگرم، کوڕە گەردنیان خۆش و ئازادبێ، هەر بەوەندە دەربازم بێت و کێشەی ئەوانەم لە کۆڵ بێتەوە ، هیچی ترم ناوێ (مام رەحمان) یش کە رووبەڕووی ئەفسەرەکە راوەستا بوو، ئەو وەختە لەگەڵ کوڕەکانی خۆی و خێزانی (رەشید) هاتبوون بۆ بەدواداچوونی تەواوکردنی هەندێ رێککاری یاسایی و بردنەوەی(رەشید) لە بەندیخانەوە بۆ ماڵەوە، لە ناو بنکەی پۆلیس، دەستێکی لەسەر شانی (رەشید) داناو رووی قسەی لە ئەفسەرەکە کرد و گوتی: بەخوا کوڕی من ئەو رووداوە بەڵایەك بوو بەتۆش و بە ئێمەشەوە نووسا، من گوتم جوان نییە برازاکانم لەسەر پارە هەموو رۆژێ ببێتە شەڕ و ناخۆشییان با بانگی ماڵی خۆمانی کەم و کێشەکە ببڕێنمەوە کەچی ئەوەی لە چاوەڕوانی و پێشبینی کەسدا نەبوو(یوسف) بەڕەحمەت بێت، دەمانچەی پێ بێ و ئەوەندە هەڵەشەبێ لەسەر قسەیەکی سادە وهەقی (رەشید) رێزی ئەو هەموو خەڵکە بشکێنێ و پەلاماریشی بدات و دەمانچەش دەربێنێ و (عەلی ) کوڕم بریندار بکات و پاشان خۆشی بە فەتارەت بچێ، خودا ئێمەی خۆشویست، ئەگەرنا لەوانەیە چەند کەسێکمان لێ بکوژرابا،(یوسف) نە رێزی خۆی گرت نەڕێزی ئێمەشی گرت و خۆشی دووچاری چارەنووسی مردن کردەوە و ئەوەندە مانگەش ئێمە کەوتینە داوی دادگا ودادگا کاری، مەمنونی خودام کە هەر لەوەندە گەڕایەوە...(مام رەحمان) قسەکانی تەواوکرد رووی لە(رەشید) کرد و گوتی: کوڕم با چیتر برینان نەکولێنینەوە تازە رووداوەکە روویدا بڕایەوە، گرنگ ئەوەیە راستی بەدەربکەوێ و کەس بەبێ گوناە، و بەغەدر زوڵمی لێ نەکرێ و حوکم نەدرێت.

لەسەر قەرزێك رووداوێکی کوشتن روویداو چەندین کەسیش تووشی زەحمەتی گرتن و لێکۆڵینەوە بوونەوە و ئاخیرییەکەی قەرزەکەی (رەشید) یش سووتا

# جوانی بەڵایەکە

ئا: فایلی کۆمەڵایەتی

> (ڕێژین) سەری نابووە ناو هەردوو دەستەکانی و بە کپی بەڵام زۆر بە کوڵ دەگریا، کاتێک (تارا)ی هاوڕێی دەستی لەسەر سەری داناو دڵی دایەوە

## هەڵەیەکی کوشندە

(ڕێژین) سەری نابووە ناو هەردوو دەستەکانی و بە کپی، بەڵام زۆر بە کوڵ دەگریا کاتێك (تارا)ی هاوڕێی دەستی لەسەر سەری داناو دڵی دایەوە، داوای لێکرد چیتر نەگری، (ڕێژین) سەری بڵند کرد و بەچاوی پڕ گریان و ناوەوە، بە هەنسکێکی ناسکی گریانەوە کە بە زەحمەت لە گەرووی دەردەهات گوتی: (تارا) گیان پاش چی؟ دوای ئەوەی نزیکترین هاوڕێم ئەو کەتنەی پێکردوم و پاشان هەر لەناو ئەو دۆخەدا بێ موبالاتانە جێیهێشتم.

ئیتر قەدەرێك بە یەکەوە دانیشتن و پاشان هاتنە دەرەوە و (تارا) پێی گوت کەوا هەوڵدەدات بەهەر شێوەیەك بێت حەقیقەتی مەسەلەکە لەو کوڕە بگەیەنێت و ئەگەر یەك ڕۆژی تەواویش لەگەڵی دانیشتبێت، بۆ ڕوونکردنەوەی ئامادەیە بیکات.

## ناوەڕۆکی کێشەکەی (ڕێژین) چی بوو؟

(ڕێژین) لە تەمەنی بیست و دوو ساڵی خۆیدا بوو، یەك دوو ساڵێك بوو پەیمانگای تەکنیکی تەواو کردبوو لە فەرمانگەیەکدا دامەزرابوو، (ڕێژین) هەر لە قۆناغی یەکەمی پەیمانگاوە هاوڕێیەتی لەگەڵ کچێك پەیدا کردبوو ناوی (شلێر) بوو. (شلێر) ئەوەندە خۆی لە (ڕێژین) نزیککردبۆوە خۆی بە دڵسۆزترین و ئازیزترین کەسی ئەو دەزانی. (ڕێژین) یەکێك بوو لە کچە هەرە جوانەکانی پەیمانگا، هەمووان هەموو کاتێ ماشەڵڵایان لە جوانییەکەی دەدا، بەدەیان کوڕ داوای پەیوەندی یا داوای دەستیان دەکرد ئەو ڕەتیدەکردەوە، هەمیشەش دەیگوت: من پەیوەندی لەگەڵ کەسێك دەبەستم کە بەڕاستی خۆشم بوێت، ئەگینا پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کەسدا نابەستم. وا ڕێکدەکەوێت کە یەکێ لە براکانی (شلێر) چاوی بە (ڕێژین) بکەوێت و شێت و شەیدای بێت، بۆیە زۆر هەوڵدەدا لەڕێگەی (شلێر)ی خوشکییەوە لە (ڕێژین) نزیك بێتەوە، ئیدی (شلێر) چەند جارێك ڕێکەوتی وەها دروست دەکات کە (ڕێژین) و براکەی یەکتر ببینن. بەڵکو (ڕێژین) دڵی بچێتە سەر براکەی، زۆر جار بە بۆنە و بێ بۆنە (شلێر) باس لە براکەی بۆ دەکرد و باسەکەی بەشێوەییەکی زۆر سەرنجراکێش و تەشویقی باس دەکرد، بەڵام (ڕێژین) دڵی لەسەر نەبوو، بۆیە هیچ کاردانەوەیەکی بۆ قسەکانی نەدەبوو،... ئەی کێشەکەی (ڕێژین) لە چییەوە پەیدا بوو؟ با (تارا) خۆی ئەو کێشەیەمان بۆ باس بکات چونکە ئەویش لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکە بوو، (تارا) لەمبارەیەوە گوتی: من و (ڕێژین) لەیەك قۆناغ و یەك بەش بووین لە پەیمانگا. لە نێو کچانی پۆلدا تەنیا من و (شلێر) زۆر لێی نزیك بووین، بەتایبەتیش لە قۆناغی یەکەمدا زۆرتر (شلێر) لێی نزیك بوو، (ڕێژین) کچێکی تا بڵێی جوان و بەرچاو و بەردڵ بوو، زۆر کەس حەزی دەکرد لێی نزیك بێتەوە، پەیوەندی لەگەڵ ببەستێ، بەڵام ئەو خۆی لە هەموو پەیوەندییەکی عاتیفی و عەشقبازی بە دوور دەگرت. ئەوەبوو ئاگام لێی بوو برایەکی (شلێر) هەوڵی دەدا پەیوەندی لەگەڵدا ببەستێ، بەڵام (ڕێژین) ڕەتیکردەوە، لەوەوە (شلێر) ڕقێکی زۆری لە (ڕێژین) هەڵگرت و ئیرەیییەکی کوشندەش لە ناخیدا سەری هەڵدا. ئەوەشم بەوەزانی کە چەند جارێك من و (شلێر) پێکەوە دەبووین، یا ڕێکەوتی دەکرد هەرسێکمان پێکەوە دەبووین و خەڵك و دەوروبەر هەر سەیری قەد و باڵا و جوانییەکەی (ڕێژین)یان دەکرد و ئەویش بایەخی بەو سەرنجدانانە نەدەدا یان کاتێك چاکوخۆشی لەگەڵ کەسێکی تر دەکرد و تۆزێك لە ئێمە دوور دەکەوتەوە (شلێر) کە بەخۆشی و جوان و سەرنج ڕاکێش بوو، بە چرپە پێی دەگوتم: سەیری بکە نازانی چی لە جوانییەکەی خۆی بکات، نازانم بۆ هێندە لە خۆبایی و ڕووح گەورە و لووت بەرزە؟ منیش دەمگوت (شلێر) گیان بەخوا ئەگەر واش دەکات چاك دەکات، خۆ هیچ نەبێ خۆی گران رادەگرێ و ڕێگە نادات بە قسەکردن و نزیکبوونەوە لەم و لەو بواری قسەو قسەڵۆك هەڵبەستی دژی برەخسێ. کەچی ئەو دەیگوت: بەخوا تۆ نایناسی، من ئەو برایەی خۆم پێناساند کە هەموو شتێکی هەیە و شێت و شەیدایەتی و ئامادەشە بیخوازێت، کەچی ڕازی نەبوو، بزانە چۆن تووشی داوی خۆی دەبێ ڕاوەستە. کە ئەو قسانەی تەواو کرد ئینجا زانیم ئەو کچە چەند ئیرەی بە (ڕێژین) دەبات و چەند منافق و ناڕاستگۆیە لەگەڵی، لە پشتەوە چۆن قسەی پێ دەڵێ لەبەردەمیشی چۆن بەگیان و قوربان قسەی لەگەڵدا دەکات. چەند جارێك ویستم بە (ڕێژین) بڵێم کچێ لەم (شلێر)ە دوور بکەوەوە، زۆر ڕقی لێتە و زۆریش ئیرەییت پێ دەبات، بەڵام پەشیمان بووەوە، ئیتر وا ڕێکەوت لە قۆناغی دووەمدا (ڕێژین) و کوڕێك بەناوی (کەمال) یەکتر بناسن، من شتێکی سەرپێیم لەسەر پەیوەندییەکەیان دەزانی. بەڵام لە کۆتاییەکانی قۆناغی دووەمدا بووین و خەریکی سەعی و کۆشش و خوێندن بووین، بۆیە ماوەیەك لێك دوورکەوتینەوە، بەڵام کە (ڕێژین) لە پەیمانگا دەرچوو ئیدی لە فەرمانگەیەکدا دامەزرا، بەڵام پەیوەندی نێوان (شلێر) و (ڕێژین) و (کەمال) هەرما. (ڕێژین) بۆ درێژەدان بەپەیوەندییەکە مەرجی ئەوەی هەبوو کە (کەمال) بێتە خوازبێنی ئەگینا پەیوەندییەکەی دەپچڕێنێ. (کەمال)یش ئەوەی لە خەیاڵی نەبوو ژن خواستن بوو چونکە بەخۆی ژنی هەبوو. تەنیا ئامانجێك کە لەگەڵ (ڕێژین) ی هەبوو، ڕابواردن بوو بەس. ئیتر (کەمال)


# بۆ خۆی!!

بۆ ئەوی بگاتە مەرامی خۆی لەگەڵ براکەی (شلێر) ڕێککەوتبوون کە دیدارێك لە نێوان (ڕێژین و کەمال) لە ماڵی (شلێر) ڕێکبخەن، گوایە دوا قسە لەسەر خوازبێنی و داواکارییەکانی (ڕێژین) دەکەن. ئەوەبوو دیدارەکەیان ڕێکخست و (کەمال و ڕێژین) دوو بەدوو لەو ماڵە دانیشتن کەوا ڕێکخرابوو ئەو ڕۆژە ماڵی (شلێر) هەموویان چووبوونە سەردان.

(تارا) لە قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: من ئاگام لێنەبووە کە ئەوانە پێکەوە چوونەتە ئەو ماڵە، ئەو شتانە هەمووی (ڕێژین) بەخۆی بۆی گێڕاومەتەوە منیش وەکو خۆی چۆنی گوتووە ئاوا باسی دەکەم. ئینجا (کەمال) بەڵێنی پێداوە کە یەك دوو ڕۆژی تر دەچێتە خوازبێنی و هەموو داخوازییەکانیشی بۆ مسۆگەر دەکات، (ڕێژین) بەو پەڕی خۆشباوەڕییەوە باوەڕ بە قسەکانی (کەمال) دەکات، ئیتر لە دانیشتنەکەدا کەشێکی هێمن و بێ کێشە دەخوڵقێنێ، (کەمال) هەوڵدەدا دڵنیاییەکی تەواو لای (ڕێژین) دروست بکات و وا هەڵسوکەوت و قسەی لەگەڵدا دەکات وەك ئەوەی کە خواویستوویەتی حەلاڵی خۆیەتی و و تازە هیچ شتێکی تایبەتی لە نێوانیاندا نییە. بەمجۆرە لێی دەچێتە پێش و دەستبازی لەگەڵ دەکات.

سەرەتا (ڕێژین) بەرگری ئەو شتانە دەکات بەڵام ئیتر لەگەڵ قسەی خۆش و لووسی (کەمال) و سووربوونی لەسەر ئەوەی کە دەزگیرانییەتی (ڕێژین) غافڵ دەبێ و بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت خۆی بە دەستەوە دەدات، کاتێك بەخۆی زانیوە، دەبینێ خۆی دۆڕاندووە، ئیتر دەست بە گریان و فیغان دەکات و ئۆقرەی لەبەر دەبڕێ، (کەمال)یش بەوە دڵی دەداتەوە کە دەیخوازێت. بەهەرحاڵ چەندین مانگ، ئەو کێشەیە دەمێنێتەوە. نێوانی (ڕێژین) و (شلێر) دەبێتە دوژمنداری و ڕقێکی گەورە و ئەستوور. چونکە (ڕێژین) مەسەلەکە لەسەر ئەو حساب دەکات، بەهەرحاڵ مەسەلەکە بەمجۆرە دەمێنێتەوە. تا ڕۆژێك دەزاندرێ (کەمال) ڕۆیشتووە چۆتە ئەورووپا. بەمجۆرە ژیانی (ڕێژین) دەبێتە یەك پارچە خەم و ئازار و بەو دەردەوە دەتلێتەوە. تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ بە دەیان کەس خوازبێنی دەکەن، بەڵام ئەوە هەموویان ڕەت دەکاتەوە و هەر یەکێکیشیان بە بیانوویەکەوە. (ڕێژین) ئەگەرچی برای نییە تەنیا خۆی و دایکی و باوکێکی پەککەوتە یەکەوە دەژین، بەڵام دایکی لەو هەڵوێستەی کچەکەی سەری سوڕماوە، کە بۆچی ئەو هەموو خوازبێنی کەرە ڕەتدەکاتەوە. ژیانی ئێستای (ڕێژین) تەنیا گریان و خەم و خەفەتە. زۆر هەوڵی خۆ کوشتن یان بیری لەخۆ کوشتن کردۆتەوە. بەڵام من پەشیمانم کردۆتەوە. من هەموو جارێ پێی دەڵێم یان دەست لە مێرکردن بشۆوە یانیش ئەگەر یەکێك بە ڕاستەقینە خۆشیویستی و ئەویش تۆی خۆش یویست حەقیقەتی خۆی پێ بڵێ، ئەگەر بەتۆ ڕازی بێ ئەویش قبوڵ دەکات ئەگەر پێشت ڕازی نەبوو، ئیدی بیرۆکەی مێرکردن لە مێشکت بسڕەوە.





# لەمردن رزگاری کرد، بەڵام هەر خۆی بووە هۆی مردنی!!

### پیاوێك منداڵێك لە خنكان رزگار دەكات؟

دەمێك بوو ماڵی (سەعدوڵڵا) بە خاو و خێزانەوە لە نزیك چۆمەكە دانیشتبوون و خەریكی نانخواردن بوونی، (دڵخواز)ی ژنی (سەعدڵڵا) چەند جارێك مێردەكەی ئاگاركردەوە كە ئاگای لە (رێباز)ی كوڕە یانزە ساڵییەكەی بێت، چونكە تەواو چۆتە ناو چۆمەكە و ترسی خنكان و ئاوبردنی لێی هەیە، بەڵام (سەعدوڵڵا)ش دەیگووت: ئافرەت چییە ئەوەندە لەسەر منداڵەكە دەلەرزی، لێ گەڕێ با تۆزێك بۆخۆی لە ناو ئاوەكە بێ و یاری بكات، ئەو ئاوە ئەوەندە، بەخوڕ و گوڕوتین نییە تاوەكو بیبات، لەولاشەوە ماڵی (گەیلان) ئەو شوێنەیان پێخۆش دەبێت و دێن لەوێ ئۆتۆمبێلەكەیان رادەگرن و لەوێ بارگەیان دەخەن و سەیران دەكەن، دوای دابەزاندنی كەلوپەلەكان و رایەخ راخستن ئامادەكردنی خواردنی نیوەڕۆیان، ئەوانیش دەست دەكەن بە نانخواردنی خۆیان، ئا لەوكاتەدا لە ناو ئاوەكە دەنگی قیژەی منداڵێك بەرز دەبێتەوە (دڵخواز) دەقیژێنی و لەخۆی دەدا و بەدەم هاوار كردنەوە دەڵێ: بگەنە كوڕەكەم خنكا، ئەی هاوار زوو بە فریای بكەون..)) لەبەر ئەوەی (سەعدوڵڵا) مەلەوانی نەدەزانی، لە رۆخ ئاوەكە هەر ماخولانی بوو، نەیدەزانی چی بكات، قیژەكانی (دڵخواز) هێندەی دیكە شپرزە و شڵەژاوی دەكات و هێندەی دیكە سەری لێدەشێوێنێ كابرا لە نێوان دوو بەرداش دابوو، نەیدەزانی چی بكات، بچێتە ناو ئاوەكە رەنگە بەخۆشی بخنكێ، ناچێ ئەگەری زۆر هەیە كوڕەكەی بخنكێ، كابرا هەستی باوكایەتی خەریكبوو دەیكوشت، هەستی بە شەرمەزارییەكی زۆر دەكرد و هیچیشی لە دەست نەدەهات بیكات.

لەو خەیاڵات وتێفکرینە کوشندانەدابوو، گوێی لە شڵپە خۆ بە ئاودانی کەسێك بوو، ئاوەڕی دایەوە بینی ئەو کابرایە کە تازە بوو بەخۆوە بە خاو و خێزانەوە لایاندابووە نزیکی ئەوان، کابرا زۆر چوست و چالاکانە هێندەی بلێی یەك و دوو خۆی گەیاندە منداڵەکەم وەك بروسك دەریهێناو و هێنایە لای کەس وکاری ، تۆزێك ئاو چووبووە ناو هەناوی بەڵام وەیان لێکرد خۆ بڕشێنێتەوە و ئەو ئاوەشی لە سکی بێتەدەرەوە، بەیەك دوو خولەك چ عەیبی نەما و وەکو جارانی لێهاتەوە، ئیتر(سەعدوڵڵا) و خێزانەکەی نەیاندەزانی چۆن چۆنی پاداشتی (گەیلان) بدەنەوە.

**ئەمجارە هەردوو خێزان لە ڕێوڕەسمی تازەیەدا پێکەوە بوون**

بۆچی لە خۆشی و کەیف و سەفاوە بووە تازییە و تازیەکاری داخۆ دەبێ چی ڕوویدابێ و چ کارەساتێك قەومابێ..؟ (گەیلان) کە بەخۆی کارەساتەکەی لە دەست قەومابوو، سەربوردەکەی بە تەواوەتی بۆ گێڕاینەوە و گوتی: ئێمە کە لە گەشتەکە بووین، بەڕێکەوت لاماندایە ئەو شوێنەی کە ماڵی کاك(سەعدوڵڵا)ی لێ دانیشتبوون، دوای ئەوەی خەریکی نانخواردن و چا خواردنەوە بووین گوێمان لە دەنگی قیژەی منداڵێك بوو، بەولاشەوە دایك باوکیش قیژە و هاواریان لێهەڵسا، کە ئاوڕم دایەوە، منداڵێکمان بینی لە ناو ئاوەکەدا پەلەقاژەی بوو، خۆم بۆ نەگیرا، بێ ئەوەی جلەکانم داکەنم، خۆم هەڵدایە ناو ئاوەکە و لە چاوتروکانێکدا خۆم گەیاندە منداڵەکە و لە ناو ئاوەکە دەرمهێنا، بەمجۆرە منداڵەکەم لە مردن ڕزگارکردو بووە مایەی کەیف و خۆشی دایك و باوك و کەسوکارەکەی، ئیتر هەردوولامان بە تەواوەتی لێکنزیکبووینەوە و کردمانە یەك سفرە و یەکتر ناسینمان زیاتر بوو، لە کاروکاسبی و خزم و کەسوکاری یەکترمان پرسی، تاوەختێکی درەنگ بە قسەی خۆش و نوکتە و گێڕانەوەی سەربوردە و ئەو شتانە گوزەراندمان، ئیدی ژمارەی مۆبایلمان ئاڵوگۆڕکرد و ناونیشانی یەکتریمان زانی و خۆمان کۆکردەوە بۆ ڕۆیشتن، منداڵەکان کەلوپەلەکانیان و خستە ناو سندووقی ئۆتۆمبێلەکە و هەرچی هەمان بوو، نەمانبوو هەموومان کۆکردەوە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین کە بڕۆینەوە... بە هەمان شێوە ئەوانیش کەلوپەلەکانی خۆیان کۆکردەوە بڕۆن، ئێمە کە نیوەڕێیەکەی لاماندانە، ئەو شوێنە، ئۆتۆمبێلەکەم بەجۆرێ ڕاگرتبوو کە ببێتە سێبەر بۆمان جا لە ڕۆیشتنیشدا دەبوو تۆزێك بگەڕێمەوە دواوە و تۆزێك پێچ بکەمەوە ئینجا بڕۆم، ئۆتۆمبێلەکەم بەگەڕخست خستمە گێڕ بۆ ئەوەی بۆ دواوە بکشێمەوە لەبەر ئەوەی شوێنەکە تۆزێك هەوراز بوو کە کشامەوە، تۆزێك بەهێز هاتمەوە هەمووی نیو مەترێك دەبوو کە کشامەوە و دەنگی زیرەی منداڵ ڕایچڵەکاندم و دەنگە دەنگ لە ناو خێزانەکەی (سەعدوڵڵا) بەرزبۆوە و هاواریان کرد بڕۆپێشەوە منداڵەکەت کوشت..) بە خێرایی ئۆتۆمبێلەکەم بۆ پێشەوە لێخوڕی و ڕامگرت و هەموومان دابەزین و چووینە لای دواوە، چی ببینن منداڵ لە خوێن گەوزێندرابوو، ئەوسا زانیم من نیوەڕۆ لە ناو ئاو لە خنکان ڕزگارم کرد کەچی ئێوارە بە ئۆتۆمبێلی خۆم کوشتم. کە دیتم منداڵەکەم شێلاوە، ئەوسا زانیم چ کارەساتێکم بۆ ئەو خێزانە خوڵقاند. ئەو وەختە هەر ئەوەندمان پێکرا منداڵەکە بەم هەموو خوێنەوە هەڵیگرینەوە و بە پەلە بیگەیەنینە نەخۆشخانە، نیو کاتژمێرێك پێچوو تا گەیشتینە نەخۆشخانە، تا ئەو کاتیش منداڵەکە هەرمابوو هەناسەی دەدا، پزیشکەکان هەوڵی زۆریان لەگەڵدا، بەڵام سوودی نەبوو، دوای چەند خولەکێك لە هەوڵی پزیشکەکان گیانی سپارد، بەراستی بۆمن کارەساتێکی دڵتەزێن و ناخۆش بوو، بەخوا منداڵی خۆشم بایە هەر هێندەم خەفەت دەخوارد و سووم لێدەبۆوە، بەهەرحاڵ لە نەخۆشخانە لە دایك و باوکیان پرسی کە هۆی چی بووە ئەو بریندارییەوە مرد، ئەوانیش گوتیان بە ڕووداوێکی قەزاو قەدەری ئۆتۆمبێل بوو، ئیدی پۆلیسی نەخۆشخانە لێکۆڵینەوەیان کرد و منیش دەستگیرکرام، دوو سێ ڕۆژ لە بەندیخانە مامەوە و پاشان دایك و باوکی منداڵەکە خۆیان هاتن و لێمخۆشبوون و ئازادکرام، ڕاستە من لە بەندیخانە ئازاد کرام، بەڵام تووشی ئازارێکی دەروونی گەورە ببووم و خەم و خەفەتێکی زۆر هەبوو، نەمدەزانی چی بکەم بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو خەسارەتە بکەمەوە، کە دایك و باوکی جگەر سووتاوی ئەم منداڵە دووچاری هاتن، ئەم ڕووداوە کە چاوەڕوانکراو نەبوو، منی تووشی شەرمەزارییەکی گەورە کرد و هەمیشە لە بەرامبەر ئەو دایکە و باوکە دڵسافە و بە ئەمەکە خۆم بە تاوانبار دەزانی، هەر چەندە لە دادگاش تەنیا خۆم بە سزا درام و کێشەکە لە دادگاش کۆتایی پێهات، بەڵام تا هەنووکەش کە کێشە براوەتەوە و ماڵەکە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵم نییە، بەڵام هەمیشە وەك ئەزموونێکی تاڵ و ڕۆژانێکی زۆر ناخۆش و ڕووداوێکی تا بڵێی دڵتەزێن دێتەوە یادم، شتێکی زۆر ناخۆشە و تۆ لە ساتێکدا منداڵێك لە مردن ڕزگار بکەی و هەر هەمان منداڵ لە ساتێکی تردا بەهۆی تۆوە بمرێت.

**ڕاستە من لە بەندیخانە ئازاد کرام، بەڵام تووشی ئازارێکی دەروونی گەورە ببووم و خەم و خەفەتێکی زۆر هەبوو، ئەم ڕووداوە کە چاوەڕوانکراو نەبوو، منی تووشی شەرمەزارییەکی گەورە کرد**